# حوکمی ئەو کەسەی کە داوای جێ بەجێکردنی بنەماکانی ئیشتراکیەت وشیوعیەت دەکات

[ kurdish – کوردی – كردي ]


**شێخ عبد العزیز بن باز** (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچوونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز



2013 - 1434

IslamHouse.com

# حكم من يطالب بتحكيم المبادئ الاشتراكية والشيوعية

« باللغة الكردية »


الشيخ عبد العزيز بن باز

يرحمه الله تعالى



ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# حوكمی ئەو كەسەی كە داوای جێ بەجێكردنی بنەماكانی ئیشتراكیەت وشیوعیەت دەكات

پرسیار: ئایا حوكمی ئەو كەسانە چیە كە داوای جێ بەجێكردنی بنەماكانی ئیشتراكیەت وشیوعیەت دەكەن، لەهەمان كاتیشدا دژایەتی حوكمی ئیسلام دەكەن، وە ئایا حوكمی ئەو كەسانەش چیە یارمەتی ئەو جۆرە كەسانە دەدەن كەداوای ئیشتراكیەت و شیوعیەت دەكەن ؟ وهەمەیشە بەخراپە باسی ئەو كەسانەش دەكەن كە داوای جێ بەجێكردنی حوكمی ئیسلام دەكەن؟ وە تانە وتەشەرەیان لێ دەدەن ودرۆ بەدەمیانەوە دەكەن، ئایا دروستە ئەو جۆرە كەسانە بكرێن بە ئیمام و ووتاربێژ لە مزگەوتەكاندا ؟

وەڵامی شێخ عبد العزیز بن باز كرا (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) :

الحمد لله، والصلاة والسلام على رسول الله، وعلى آله وأصحابه ومن اهتدى بهداه .

گومان لەوەدا نییە کە واجبە لەسەر پێشەوا وکاربەدەستی موسڵمانان لەتەواوی کاروبارەکانیاندا حوکم بە شەریعەتی ئیسلام بکەن ودژایەتی هەر جۆرە حوکمێکیش بکەن کە پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامە، ئەمەش کۆدەنگی زانایانی ئیسلامە وهیچ کەسێکیان لەم بارەیەوە بۆچوونێکی تری نییە سوپاس بۆ خوای گەورە، بەڵگەش لەم بارەیەوە لە قورئانی پیرۆز وسوننەتی صەحیحی پێغەمبەری خوادا (صلی الله علیه وسلم) گەلێك زۆرە، وە سوپاس بۆ خوای گەورە حوکمی ئەم مەسئەلەیەش ڕوون وئاشکرایە لای تەواوی زانایان، خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ فَلا وَرَبِّكَ لا يُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لا يَجِدُوا فِي أَنْفُسِهِمْ حَرَجًا مِمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا ﴾ [النساء: ٦٥] واتە: نەخێر، سوێند بە پەروەردگارت ئەوانەی (لافی بڕوا لێدەدەن) بڕوا ناهێنن هەتا لە هەموو کێشەیەکدا کە ڕوودەدا لە نێوانیاندا تۆ نەکەن بە دادوەرو گوێڕایەڵی تۆ نەکەن، دوای

ئەوەش نابێت لە دڵ و دەروونیاندا هیچ نارەزاییەک دروست ببێت بەرامبەر ئەوەی کە داوەریت لەسەر کردووە و دەبێت بەتەواویی تەسلیم بن و ڕازیی بن پێی .

لەجێگایەکی تردا فەرموویەتی : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا﴾ [النساء : ٥٩]

واتە : ئەی کەسانێك کە باوەڕتان هێناوە، گوێڕایەڵی خوا و گوێڕایەڵی پێغەمبەر بن، وە پاشانیش گوێڕایەڵی کار بەدەستە (عادیلە) کانی خۆتان بن، جا ئەگەر دوو بەرەکیتان هەبوو لەشتێکدا ئەوە بیگێڕنەوە بۆ لای خوا و پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەگەر ئێوە باوەڕتان هەیە بە خواو بە ڕۆژی دوایی ئەوە باشترە وە ئاکام و ئەنجامی چاکترە .

یان فەرموویەتی : ﴿ وَمَا اخْتَلَفْتُمْ فِيهِ مِنْ شَيْءٍ فَحُكْمُهُ إِلَى اللَّهِ ﴾ [الشوری : ١٠] واتە : لەهەر شتێکدا کێشە و ڕای جیاوازتان بوو، ئەوە دەبێت سەرئەنجامی بڕیارەکەی بۆ خوا خۆی بگەڕێتەوە .

وە فەرموویەتی : ﴿ أَفَحُكْمَ الْجَاهِلِيَّةِ يَبْغُونَ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللَّهِ حُكْمًا لِقَوْمٍ يُوقِنُونَ ﴾ [المائدة : ٥٠] واتە : ئایا ئەوانە حوکم و فەرمانڕەوایی جاهیلیەت و نەفامیان دەوێت و ئەویان لاپەسەندە؟! (ئاخر بۆ بیرناکەنەوە) کێ هەیە بەقەدەر خوا حوکمی جوان و چاک و بەجێ بێت، (بەتایبەت) لای ئەو کەسانەی کە بەوردیی سەرنج دەدەن و ویژدان و هەستی زیندوویان هەیە.

هەروەها فەرموویەتی : ﴿وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ﴾ [المائدة : ٤٤] واتە : هەر کەس حوکم نەکات بەو

بڕیارانەی کە خوا ناردوویەتیە خوارەوە ئا ئەوانە بێ باوەڕن و موسوڵمان نین .

هەر لەهەمان سورەتدا فەرمویەتی : ﴿وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ ﴾ [المائدة : ٤٥] واتە : هەر کەس حوکم نەکات بەو بڕیارانەی کە خوا ناردوویەتیە خوارەوە هەر ئەو کەسانە ستەم کاری تەواون .

دواجار هەر لەو سورەتەدا فەرموویەتی : ﴿ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ ﴾ [المائدة : ٤٧] واتە : هەر کەس حوکم نەکات بەوەی کە خوا ناردوویەتیە خوارەوە ئا ئەوانە بە تەواوی یاخین و لە فەرمانی خوا دەرچوون .

ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز لەم بارەیەوە زۆرن، وزانایانیش یەکرا وکۆدەنگن لەسەر ئەوەی هەرکەسێك باوەڕی وابێت کە حوکمی غەیری خوای گەورە لەحوکمی خوا باشترە، یان ڕێگا

ورێبازی غەیری پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لە ڕێگا ورێبازی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) باشتر وخاسترە، ئەوە زانایان ئەو کەسە بەبێ باوەڕ وکافر دەزانن، هەروەها کۆدەنگیشن لەسەر ئەوەی هەرکەسێك باوەڕی وابێت کە دروستە مرۆڤ لەو شەریعەتەی کە محمد المصطفى (صلى الله عليه وسلم) هێناویەتی دەربچێت وکاری پێ نەکات یان دروستە بە غەیری شەریعەتی ئیسلام حوکم بکرێت ئەوە بێباوەڕو سەرگەردان وگومڕایە .

بەپێی ئەو بەڵگانەیش کە باسمانکردن لەقورئان وسوننەت وکۆدەنگی زانایان، پێمان وایە ئەو برایەی کە پرسیارەکەی کردووە وغەیری ئەویش ئەوە دەزانن ئەوانەی بانگەشە بۆ ئیشتراکیەت و شیوعیەت وئەو ڕێچکە ورێبازە خوار وخێچە ڕووخێنەرانەی کە دژ بە بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامن کافر وبێباوەڕ وسەرلێشێواو وسەرگەردان وگومڕان، بگرە بێباوەڕترن

لە جولەکە وگاورەکانیش، چونکە ئەو کەسانە مولحیدن وباوەڕیان بە بوونی خوا ورۆژی دوایی نییە، بۆیە بەهیچ شێوەیەك دروست نییە هیچ کەسێك لەوانە و لەلایەنگرانیشیان بکرێنە ئیمام و وتاربێژی مزگەوتی موسڵمانان، وە دروستیش نییە نوێژ لەپشتیانەوە بکرێت، وە هەرکەسێکیش یارمەتیدەری ئەوانە بێت وکارەکانیان بۆ بڕازێنێتەوە وڕەخنە لەئیسلام و موسڵمانان بگرێت وتانە وتەشەریان لێ بدات ئەوە ئەوانەیش بێباوەڕ وکافر وگومڕان، حوکمیان وەك حوکمی ئەو کەس ودەستە و تاقمە مولحیدانەیە کە بەشێون پێی ئەواندا دەڕۆن وپشتگیری بیروباوەڕییەکەیان دەکەن .

زانایانی ئیسلامیش کۆدەنگن لەسەر ئەوەی هەرکەسێك پشتگیری بێباوەڕان بکات لەدژی موسڵمانان وباوەڕداران ویارمەتیدەریان بێت بەهەر شێوەیەك لەشێوەکان، ئەوە حوکمی وەك حوکمی ئەو مولحید وبێباوەڕانە وایە، چونکە

خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لا تَتَّخِذُوا الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى أَوْلِيَاءَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ وَمَنْ يَتَوَلَّهُمْ مِنْكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ إِنَّ اللَّهَ لا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ ﴾ [المائدة : ٥١] واتە : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە جولەکەو گاور مەکەنە یارو یاوەرو پشتیوانی خۆتان، ئەوانە هەندێکیان پشتیوان و پشتگیری یەکترن، ئەو کەسەی پشت بەوان ببەستێت، ئەوە هەر لەوانە و (حسابی ئەوانی بۆ دەکرێت) بەڕاستی خوا هیدایەتی گەلی ستەمکار نادات .

هەروەها دەفەرموێت : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لا تَتَّخِذُوا آبَاءَكُمْ وَإِخْوَانَكُمْ أَوْلِيَاءَ إِنِ اسْتَحَبُّوا الْكُفْرَ عَلَى الْإِيمَانِ وَمَنْ يَتَوَلَّهُمْ مِنْكُمْ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ ﴾ [التوبة :٢٣] واتە : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، ئەگەر باوو باپیران و براکانتان کوفریان لا باشترو چاکتربوو لەئیمان و باوەڕ، مەیانکەنە دۆستی خۆتان و خۆشەویستی و پەیوەندیتان لەگەڵیاندا نەبێت، هەرکەسێکتان ئەوانەی

خۆشبوێت و بیانکاته دۆستی خۆی، دیاره ئەو جۆره کەسانه ستەمکارن، (ئیبن عەباس) ئەڵێ: دەبنه موشریك و هاوبەشدانەر بۆ خوا . بەڵێ: حوکمی ئەم ئایەته تا ڕۆژی قیامەت بەردەوامەو، دەبێ تەواوی موسڵمانان تەنهاو تەنها بۆ خوا خۆشەویستی و (موالات) یان هەبێت و، هەر لەگەڵ ئەهلی خوادا بن .

جا بۆیه ئومێدمان وایه، ئەوەی باسمان کرد بەس بێت وقەناعەتیش بەو کەسه بکات که بەدوای هەق وڕاستیدا دەگەڕێت، خوای گەوره هەمیشه هەق دەڵێت وڕێنشاندەریشه بۆ ڕێگای هەق وڕاستی، بۆیه له پەروەردگار داواکارین که حاڵی موسڵمانان باشتر وخاستر بکات، وه لەسەر هەق یەکیان بخات وکۆیان بکاتەوه، وه دوژمنانی ئیسلامیش ڕسوا ودوابڕوا وپارچه پارچه بکات، وموسڵمانان بپارێزێت له شەڕ وخراپەیان، خوای گەوره زاڵ وبەدەسەڵاته بەسەر هەموو

شتێکدا، ودرود وصەڵات وسەلامیش لەسەر بەندە وپێغەمبەرەکەی محمد المصطفى وئال وبەیت وهاوەڵە بەڕێزەکانی .

سەرچاوە : مجموع فتاوى ومقالات متنوعة الجزء الأول .